

# تیرۆر... لە ئەلوییە سورەکانەوە بۆ بن لادن

**هاشم ساڵح**

**و: هەورامان وریا قانع**

ئەم کتێبە کە کۆمەڵێ نووسەر بەشدارییان لە نووسینیدا کردووە، سەرنجێکی گشتیی مێژویی دەربارەی چۆنیەتیی سەرهەڵدانی تیرۆر بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، پێشکەشدەکات. هەر لەمیانەی سەردەمانی یۆنانو ڕۆمای کۆنەوە بۆ هندییە کۆنەکانو لەوێشەوە بۆ شارستانییەتە پەرتو بڵاوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست.

پاشان کتێبەکە دەگوازێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەی تیرۆر لە سەردەمە تازەکاندا، واتە لە دەستپێکردنی شۆڕشی فەرەنسی کە بۆ یەکەمجار زاراوەی تیرۆری تێدا بەکارهێنرا، تا دەگاتە سەر بزووتنەوە چەپخوازە توندڕەوەکان کە هاوشانی شۆڕشی بەناوبانگی ئایاری ساڵی 1968و شۆڕشەکانی کرێکارانو خوێندکارانی دیکەی ئەوروپا بوو. لەو ماوەیەدا ئەلوییەی سوری ئیتالیا دەرکەوت کە "ئەلدۆ مۆرۆ"ی سەرەك وەزیرانی ئەوکاتی ڕفاندو پاشان کوشتیان، هەروەها هەر لەو سەردەمەدا کۆمەڵێ چەتەو گیرفانبڕ ڕاستەخۆ لە فەرەنسا دەرکەوتنو تاقمی "بادر ماینهۆف" لە ئەڵمانیا دەرکەوتن...هتد. هەر هەموشیان بزووتنەوەی سیاسیی چەپی توندڕەوبوون. لێرەوە تیرۆر لە واقیعدا تیرۆرێکی چەپڕەو بووە پێش ئەوەی لەم سەردەمەی ئێستاماندا ببێتە تیرۆرێکی راستڕەو یان ئاینی، ئەمەش دیاردەیەکەو شایەنی تێڕامانە. دواتر "جیرار شالیان" ئاوا دەڵێ: ئا بەمشێوەیە بن لادن جێگای ئەلوییەی سورو هاوشێوەکانی گرتەوە. ئایدیۆلۆژیای ئاینی چووە شوێنی

ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی، بۆ ئەوەی وەك سەرپۆشێك بۆ پاساوهێنانەوەی کردەوە تێرۆرستییەکانو کوشتنی خەڵکی بەشێوەیەکی هەڕەمەکیو کوێرانە بەکاربهێنرێ.

بەشی سێیەمو کۆتایی کتێبەکە باس لە ماوەی هاوچەرخی مێژووی تیرۆردەکات، واتە ئەو ماوەیەی دوای شەپۆلی چەپی ساڵی 1968 دێتو تاکو ئەم سەردەمەی ئێستامان درێژدەبێتەوە. لێرەدا تێبینی دەکەین "جیرار شالیان" بە هاوکاریی "ئارنۆ بلان" لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ لەسەر چۆنیەتیی گواستنەوەی تیرۆر لە تیرۆری چەپەکانەوە بۆ تیرۆری فەندەمینیتالیزمی توندڕەو دەنووسێ. لەڕاستیدا کرۆکی کتێبەکە ئا لێرەداو لە بەشەکانی دواتردایە کە "فلیپ مینۆ"ی توێژەر نووسیویەتیو هەر هەمووی پەیوەستە بە بزووتنەوە ئیسلامییە رادیکاڵەکانەوەو ئەم ناونیشانانە لەخۆدەگرێ: ڕەگوڕیشەی فەندەمینیتالیزمی رادیکاڵ، قاعیدە، پاشەڕۆژی بزووتنەوەی فەندمینیتالیزم لە جیهانی عەرەبیو ئیسلامی، کردەوە تیرۆرستییەکان لەنێوان جەنگو تیرۆردا (توێژەر فرانسوا جیری)، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ تیرۆری فەندەمینیتالیزم (توێژەر ئارنۆ بلان)، ڕوویەکی تازەی قاعیدە، مەترسیی تیرۆری ئوسولیی دوای 11 سێپتێمبەر (توێژەر رۆهان گۆناراتنا).

**چوار قۆناغەکەی تیرۆری هاوچەرخ**

ئەم توێژەرە وایدەبینێ چوار بەرواری بنچینەیی بۆ تیرۆری هاوچەرخ هەیە. بەرواری یەکەم ساڵی 1968: لەم قۆناغەدا لەلایەکەوە بزووتنەوە توندوتیژەکانی ئەمریکای لاتینی بووژانەوەو لەلایەکی دیکەوە بزووتنەوە توندوتیژەکانی فەلەستین بووژانەوە. ئەوەی سەیرە ئەم توێژەرە لێرەدا جیاوازی ناکات لەنێوان موقاوەمەو تیرۆر، ئایا موقاوەمە مافێکی سروشتی نییە بۆ ئەو میللەتانەی داگیرکراون یان نا؟ بەڵام جیاوازی دەکات لەنێوان ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینو ڕەوتی توندڕەو کە (جەبهەی شەعبی) نوێنەرایەتیی دەکاتو کاری فڕاندنی فڕۆکەی جێبەجێ دەکرد.

بەرواری دووەمی تیرۆر ساڵی 1979: کاتێ لە تیرۆری عەلمانی یان مارکسی لەسەر شێوەی جەبهەی شەعبی، دەچینە سەر تیرۆری ئاینی لەسەر شێوەی قاعیدە، ئەوا دابڕانێك لەگەڵ ڕابردوودا دێتەئاراوە. داگیرکردنی سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان بەشداربوو لە بووژانەوەی بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان، لێرەشدا تێبینی دەکەین توێژەر جیاوازی ناکات لەنێوان موقاوەمە دژ بە داگیرکەر وەك حەماسو حزب الله لەلایەکەوە، لەگەڵ بزووتنەوەی تیرۆرستی وەك قاعیدەو هاوشێوەکانی لەلایەکی دیکەوە.

دواتر دانەر بەردەوام دەبێو دەڵێ: ئەمریکا تێوەگلانی سۆڤیەتی لە ئەفغانستان بەهەلزانی، تاکو دۆڕاندنێکی کەمەرشکێنی بۆ مسۆگەربکات، وەك هەمان ئەو دۆڕاندنەی خۆیان لە ڤێتنام ڕووبەڕووی بوونەوە. ئیدی ئەوکات ئەمریکا سەرکردایەتیی هاوپەیمانیەتییەکی کرد لەگەڵ پاکستانو دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکە بۆ پاڵپشتو کۆمەککردنی موجاهیدەکان کە لە ناوچە جیاواز جیاوازەکانی جیهانی عەرەبیو ئیسلامییەوە هاتبوون، لەسەروو هەموویانەوە "عەبدوڵڵا عەزامو خودی بن لادن". ئەمریکا شارەزاییو چەكوچۆڵی پێشکەوتووی پێشکەش بە موجاهیدەکان دەکردو پاکستانیش مەسەلەی هەوالگریو ناساندنی ناوچەکەی پێشکەش دەکردن. ئا بەمجۆرە مەسەلەکە کۆتایی هاتو سەرکەوتن بەسەر سۆڤیەتدا، بەڵام لە دەرئەنجامدا بارستاییەکی گەورە لە موجاهیدینو ئەفغانی عەرەب کە زۆر توندڕەو و بێ ئیشوکاربوون، دروستبوو. ئەمانە لە وڵاتانی عەرەبی هەڵگەڕانەوە، تاکو بارودۆخەکەیان گەیاندە لوبنانو نهر بارد. ئەمە بەبێ ئەوەی قسە لە عێراقی زامدار بکەین کە لە ئێستادا لەباتی هەموو عەرەب باجێکی گەورە دەدات. بەڵێ لەمڕۆدا باجی ڕزگاربوونی فیکر لە ئەژدیهای فەندەمینیتالیزمی تاریکبین، گەلی عێراق لەباتی هەموو گەلانی دیکەی عەرەبی کە ڕاوەستاونو تەماشادەکەن دەیدات. گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەوە، ئەوەیە کە بەم دواییانە ڕووبەڕووی تایفەی

یەزیدییەکان بووەوە، ئەو تایفەیە لەمیانەی هێرشە بەربەرییەکانی چەتەکانی هۆلاکۆو تەکفیرییەکان، زەرەرو زیانێکی هێجگار گەورەیان لێکەوت. لاشەی قوربانیانی بێتاوان لە مندالّو ئافرەتو پیاو، شاشەی تەلەفزیۆنە جیهانییەکانی داپۆشی.. کێ دەتوانێ ئەو دیمەن ببینێ؟ کێ دەتوانێ تەنها بۆ ساتێك تەماشای بکات؟ لەگەلّ ئەوەشدا هەندێ لە ڕۆشنبیرانی عەرەب، یان هەندێ لە بەناو ڕۆشنبیران، هەولّدەدەن پاساو یاخود دەرئەنجامی شەرمئامێزو پێچاوپێچی لێدەربێنن. ئەمە بێ ئەوەی قسە لەسەر هەندێ کەنالّی ئاسمانیی هەلهەلەخوازو جنێوفرۆش بکەین، ئەمەش لە خودی کوشتارگاکە خراپترە. ئەمە دروستکردنی تاوانە لەسەر تاوان. ئەمە نیشانەی ئەوەیە هۆشیاریی عەرەبی تائێستا زۆر لەوە دوورترە کە هەستێکی شارستانیو مرۆڤانەی هەبێت. بەلّێ من هیچ ڕێزی ئەوە ناگرم کە پێیدەلّێن شەقامی عەرەبی، یاخود لانی کەم ڕێزی بەشێکی ئەو شەقامە ناگرم، ئەو شەقامەی چەپلّە بۆ زەرقاویو هاوشێوەکانی لێبدات، خێری نییە.

هەر ئەوانە بوون دواتر لە دژی ئەمریکا هەلّگەڕانەوە. لێرەدا دەگەینە سێیەم بەرواری گرنگ لە مێژووی تیرۆری هاوچەرخدا کە دەکەوێتە نێوان سالاّنی 1991–1993. لەم بەروارەوە فەدەمینیتالیزمی رادیکالّ چیتر تەنها ئامرازێك نییە بەدەستی ئەمریکاوە بۆ دەرکردنی سۆڤیەتو شکستپێهێنانیان لە ئەفغانستان، بەلّکو بووە هێزێکی سەربەخۆی خاوەن دینامیکیەتی تایبەت بە خۆیان. لەو کاتەوە بینیمان ئەفغانی عەرەب لە هەموو شوێنێکدا بلاّوبوونەتەوەو بەشدارییانکرد لە جەنگی ناوخۆی جەزائیر، کە بەدرێژایی سالاّنی نەوەدەکان کوشتارگای ترسناکیان ئەنجام دا. دواتر بەشداریکردنیان لە شیشان، بۆسنەو شوێنانی دیکە، پاشان ئەنجامدانی هەندێ کاری تیرۆرستی دژ بە بالّیۆزخانەی میسری لە کەراچی، یاخود دژ بە هێزەکانی ئەمریکا لە خوبەری سعودیە، یان دژ بە خودی عەرەبە موسلّمانەکانی سعودیە. ئیدی لەوکاتەوە سیانەی "بن لادنو زەواهیریو محەمەد عاتف" دروستبوونو دەستیانگرت بەسەر حکومەتی تالّیبان لە ئەفغانستان. لە مانگی شوباتی سالّی 1998، بن لادن جەنگە وێرانکارییەکەی دژ بە خاچپەرستەکانو جولەکە ڕایگەیاند.

دواتر "جیرار شالیان" بەردەوام دەبێو دەلّێ: چوارەم بەرواری گرنگ یاخود چوارەم قۆناغی بنەڕەتی، بێگومان بریتییە لە 11 سێپتێمبەر. لێرەدا تیرۆری فەندەمنیتالیزمی توندڕەو گەشتە ترۆپكو پێینایە قۆناغێکی تازەوە کە تاکو ئێستاش لەژێر سایەو کارلێکەرییەکانیو درێژکراوەکانیدا دەژین. لە ئەنجامی ئەو کردەوەیەدا گەورەترین پرۆسەی دژ بە تیرۆر لە مێژوودا هاتەئارا، جەنگی ئەفغانستان کە ڕژێمی تالّیبانی لەناوبرد، جەنگی عێراق کە ڕژێمی سەدام حسێنی لەناوبرد. دانەر وایدەبینێ جارێ زووە حوکم بەسەر جەنگی عێراقدا بدەین، بەلاّم دەکرێ هەندێ ئەنجامگیریی کاتی بەدەستبێنین. لەوانە لەسەر ئاستی تیرۆر، دەبینین لەباتی ئەوەی بزووتنەوە ئوسولّییەکان لەناوبەرێت، بوژاندنییەوە. ئەو بزووتنەوانە تاکو ئێستاش کردەوەی ئازاربەخش دژ بە ئەمریکاو غەیری ئەمریکا لە عێراقدا جێبەجێ دەکەن. وەلێ لەسەر ئاستی ڕێگەگرتن لە بلاّوکردنەوەی چەکی کۆکوژی کیمیاوی یان ئەتۆمی یاخود بیۆلۆجی، دەبینین جەنگەکەی "بوش" هەندێ ئەنجامی بەدەستهێناوە، ئەو جەنگە لیبیاو ئێرانی ناچارکرد ئاسانکاریی زۆر پێشکەش بە تیمەکانی پشکنینی نێودەولّەتی بکەن، بەلاّم پێدەچێ ڕژێمی پاکستان لەوانی دیکە زیاتر شوێنی هەڕەشەلێکردن بێت. هەندێ دەلّێن هۆکاری شکستی بزووتنەوە سونییەکان ئەوەیە، ئەو بزووتنەوانە چیتر خاوەنی کەسایەتییەك نین کە هەیبەتێکی کاریزمیو سەرنجڕاکێشی هەبێت، وەك کەسایەتیی خومەینی. جگە لەوە چینی پیاوانی ئاینی شیعە لە ئێران، لە چینی پیاوانی ئاینی سونە لە جیهاندا زیاتر ڕێکوپێکترو یەکگرتووترن، پیاوانی ئاینی سونە زیاتر پەرتوبلاّوتر دێنەبەرچاو.

"فیلیپ میفۆ"ی توێژەر باس لە مێژووی بزووتنەوە جیهادییە هاوچەرخەکان دەکات، باسی چۆنیەتیی گواستنەوەی ئەو بزووتنەوانە دەکات لە قۆناغی ئیخوان موسلمینەوە بۆ قۆناغی قاعیدەو تالیبان کە زۆر توندڕەو توندوتیژن. ئەو توێژەرە لێکۆڵینەوەکەی بە سێ نمونە دەستپێدەکات: یەکەمیان "حەسەن بەنا"، دووەمیان "بن لادن"، سێیەمیان قورئان کە دژ بە دوو نمونەکەی پێشترە. "حەسەن بەنا"ی دامەزرێنەری رێکخراوی ئیخوان موسلمین دەڵێ: (ئیسلام عەقیدەو ئیمانە، نیشتیمانو نەتەوەیە، دینو دەوڵەتە، فیکرو مومارەسەیە، کتێبو شمشێرە!).

هەرچی "بن لادن"ە لە ساڵی 2001دا دەڵێ: (ئەوەی پارێزگاریی لێکردینو یارمەتیداین ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی لەناوبەرین، دەتوانێ سەرلەنوێ پاریزگاریمان بکاتو یارمەتیمان بدات ئیمپراتۆریەتی ئەمریکیش لەناوبەرین. لێرەوە ئێمە لەو بڕوایەداین، بە پاڵپشتو یارمەتیی خودا، شکستهێنانی ئەمریکا کارێکە دەکرێ بێتەدی، بگرە بۆ ئێمە شکستپێهێنانی ئەمریکا ئاسانترە لە شکستپێهێنانەکەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی جاران).

هەرچی ئایەتی قورئانە کە دەڵێ: (یا ایها الذین منوا کونوا قوامین الله شهداء بالقسط ولا یجر منکم شنان قوم علي الا تعدلوا هو اقرب للتقوي و اتقوا الله ان الله خبیر بما تعلمون). دانەر بەوە دەیەوێ بڵێ ڕۆحی قورئانی پیرۆز تەواو پێچەوانەی توندڕەوی "بن لادن"و بەشێوەیەکی گشتیی ئیخوان موسلمینە، چونکە قورئان داوامان لێدەکات تەنانەت لەگەڵ ئەو خەڵکانەشدا دادپەروەربین کە ڕقمان لێیانە یاخود دوژمنایەتیمان لەگەڵیاندا هەیە. لێرەوە قورئان داوامان لێناکات ئەو خەڵکانە بکوژین یان لەناویانبەرین، وەك ئەوەی بزووتنەوە ڕادیکاڵە توندڕەوەکانی ئیسلام دەیکەن. قورئان پاساو بۆ توندوتیژیی کوێرانە ناهێنێتەوە کە خەڵکانی مەدەنی لە کۆگاو چاخانەو ناو پاسەکانو سەر شەقامەکانو ناو بازاڕەکاندا بەشێوەیەکی هەڕەمەکیانە بەردەکەون. ئیسلام بە تەواوی کوشتنی ئافرەتو پیرو منداڵ لە کاتی جەنگەکاندا ڕەتدەکاتەوە. لەم بارەیەوە ڕێنماییەکانی "ئەبوبەکری صدیق"و "عومەری کوڕی خەتاب" ئاشکراو زانراون.

توێژەری فەرەنسی "فیلیپ میفۆ" وایدەبینێ بزووتنەوە جیهادییەکان لە سەرەتای حەفتاکاندا دەرکەوتنو تاڕادەیەك پشتیان بە ئایدیۆلۆژیایەکی کۆن دەبەست کە ئایدیۆلۆژیای ئیخوان موسلمین بوو. ئەم ئایدیۆلۆژیایەش نوێنەری ئاقارێکی ئوسوڵیی کۆنەو وێنەیەکی ئەفسانەییە سەبارەت بە یەکەم سەرەتاکانی ئیسلامو لەو بڕوایەدایە هەموو شتێ لەو سەردەمەدا هاتووەتەدی. لێرەوە ئێمە هەتا لەو سەرەتایەو لە زەمەنی وەحیو ئەو دەوڵەتەی پێغەمبەر لە شاری مەدینە دروستیکرد، دوورکەوینەوە ئەوا بەرەو وێرانەییو دواکەوتن دەڕۆین. لێرەوە دەبێ ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئەو زەمەنەو لەسەر هەمان شێوەی ئەوکات دەوڵەتێکی ئیسلامی دروستبکەینو وشە بە وشەی شەریعەت جێبەجێ بکەین، ئەوکات ئیدی هەموو کێشەو نەهامەتییەکانمان بەیەکجار چارەسەردەبێت. وەلێ ئەوانە ئەوە پشتگوێدەخەن ئێمە چواردە سەدە لەو زەمەنەوە دورین. ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە بۆ نەبوونی عەقڵ یاخود نەبوونی هەستی مێژوویی لایان.

دواتر دانەر بەردەوام دەبێو دەڵێ: بەڵام ئەم ئاقارە ئوسوڵییە دەزانێ چۆن لەسەر وەتەری دەمارگیریی ئاینی لای موسڵمانەکان یاریدەکاتو دەزانێ چۆن چۆنی یاری بە عەقڵی خەڵکانی هەژارو پشتگوێخراو دەکات، تاکو لە دژی ڕژێمە حوکمڕانەکان سازوئامادەیان بکات، یان تاکو لەسەر ئاستی ناوخۆییو نێودەوڵەتی بیانخاتە ناو کاری تێکدەرانە یان کاری خۆکوژیانە. بزووتنەوە جیهادییە هاوچەرخەکان، پرۆژەیەکی سیاسیی خەیاڵئامێزیان تەبەنیکردووە کە لەسەرزەمینی واقیع مەحاڵە بێتەدی، بەڵام ئەو پرۆژە سیاسییە دەتوانێ سوپایەکی ملیۆنی پێکبێنێت! ئالێرەدا خەسڵەتی ناکۆکی بزووتنەوە ئوسوڵییەکان دەردەکەوێ، ئەوان لەیەککاتدا هەم توانایان هەیەو هەم بێتوانان. بەڵام ئەم بزووتنەوانە کاتێ

ناتوانن بگەنە دەسەڵات، ئەوا پەنا بۆ تیرۆرو لێدانی کوێرانە دەبەن.

توێژەری فەرەنسی وایدەبینێ تیرۆری جیهادی لەبەر یەك هۆی سادە ناتوانێ سەرکەوتن بەدەستبێنێت، ئەویش ئەوەیە ئەم تیرۆرە هیچ پرۆژەیەکی سیاسیی ڕاستەقینەی لا نییە. ئەوان خەون بەوەوە دەبینن (دەوڵەتی مەدینە) لە سەدەی بیستو یەکدا دروستبکەن. ئەو دەوڵەتەی پێغەمبەر(د.خ) پێش 1400 ساڵ لەمەوبەر لە شاری مەدینە دروستیکرد، نمونەی باڵای جیهادییەکانە، بەڵام ئەوان هەڵگری وێنەیەکی ئەفسانەیی ئەو دەوڵەتەن، نەك وێنەیەکی مێژوویی. تێناگەن لەوەی بارودۆخەکە جیاوازەو گۆڕانێکی هێجگار گەورەی بەسەردا هاتووەو وەك چواردە سەدە لەمەوبەر نەماوەتەوە. گرفتی بزووتنەوە جیهادییەکان ئالێرەدایە: ئەوانە عەقڵیان لەدەستداوە، بەو مانایەی عەقڵیان بەردەوام بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە نەك بۆ ئێستا یاخود بۆ داهاتوو. بۆیە بەدڵنیاییەوە چارەنوسیان سەرنەکەوتنە. ئەوانە هیچ پرۆژەیەکی ئایندەییان نییە بتوانێ لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا ئاوێتەببێتو ئاشتبوونەوەی نێوان ئیسلامو مۆدێرنە بێنێتەدی.

گەر هەڵنەستین بە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سۆسیۆلۆژی بۆ جیهانی ئیسلامی، ئەوا ئێمە هۆکاری گەشەکردنی بزووتنەوە توندڕەوەکان لە ئێستادا تێناگەین. تێناگەین بۆچی هێند بەربڵاون یاخود بۆچی لەمپەڕەوە بۆ ئەوپەڕی شەقامەکانیان پڕکردووە. توێژەری فەرەنسی وایدەبینێ ئیمام "محەمەد عەبدە" لە تێگەشتنیدا بۆ ئیسلام، کەسێکی ڕۆشنفکربووەو مەیلی بەلای عەقڵانییەتدا بووە، بەڵام "ڕەشید ڕەزا"ی قوتابییەکەی پلەیەك بەرەو داخران هەنگاوی ناوە، پاشان "حەسەن بەنا"ی قوتابی دێتو پلەیەکی دیکە بەرەو دەمارگیری هەنگاو دەنێ، تاکو دەگەینە سەر "سەید قوتب"و "مەودودی" بەڕەگەز پاکستانی. ئاشکرایە ئەو دوانە بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە دیموکراتی ڕەتدەکەنەوە، چونکە دیموکراتی بانگەشەی سەروەریی میللەت دەکات، لەکاتێکدا هیچ سەروەرییەك نییە تەنها سەروەری یەزدان نەبێت. ئەوان دەرکیان بەوەنەکردبوو سەروەریی یەزدانی مەزن، گەر بەشێوەیەکی ڕاستو دروست لێیتێبگەین، سەروەریی میللەت ناسڕێتەوەو ڕەتیناکاتەوە. سەروەریی میللەت سەروەرییەکی زەمنی سیاسییەو ئاینی نییە، بەپێچەوانەی سەروەریی یەزدانییەوە. ئا لەمەوە زاراوەری حاکمییەت هاتەئاراوە. بەو مانایەی شەرعییەت خوایانەیەو ناکرێ مرۆڤانە بێت، هیچ حوکمێکیش جایزنییە تەنها حوکمی پیاوانی ئاینیو فەندەمینیتالیستەکان نەبێت کە پێیان وایە ئەوان ئیرادەی خودا لەسەر زەوی بەرجەستەدەکەن.. لەبەر ئەم هۆیەبوو "عەلی بەلحاج" لە جەزائیر دیموکراتییەتی بە گومڕا داناو بە بیدعەی وەسفکرد. لێرەدا دەگەینە پوختەی فیکری جیهادیو بزووتنەوە ڕادیکاڵە توندڕەوەکان. ئەوان لەوبڕوایەدان سێبەری خودان لەسەر زەوی. لێرەوە پێویستە حوکم حوکمی ئەوان بێتو هی میللەت نەبێت. ئائەمەیە مانای حاکمییەت کە دژ بە دیموکراتییە. حاکمییەت مانای تیۆکراتی، واتە حوکمی پیاوانی ئاینی کە بەناوی خوداوە خۆیان بە قسەکەری ڕەسمی دادەنێن، ئەمە لەکاتێکدا ئەوانیش دواجار بەشەرن. وەهمی حاکمییەت تاکو ئێستاو تەنانەت تا ئەمڕۆش بەهۆی نەزانینو نەخوێندەواریو دواکەوتوییو نەبوونی هیچ فیکرێکی ڕەخنەیی عەقڵانی دەربارەی ئیسلام، وەك ئەوەی لە ئەورووپای مەسیحی ڕوویدا، کۆنترۆڵی جەماوەری موسڵمانی کردووە.

"سەید قوتب" کۆمەڵگای میسری بە کۆمەڵگایەکی کافر داناو وتی لە ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوەو ژیانی جاهیلی دەژی، چونکە هۆکارەکانی پێشکەوتنی وەرگرتووەو لاسایی تازەگەریی ئەورووپا دەکاتەوە. کۆمەڵێکی دیکە لە "سەید قوتب"ەوە پەیدابوون کە زۆر لە خۆی توندڕەوتربوون، ئەوانیش کۆمەڵەی (تەکفیرو هیجرە)بوون، ئەم کۆمەڵەیە داوای لە لایەنگرانی خۆی کرد لە کۆمەڵگای کافرەکان جیاببنەوەو بڕۆن بۆ بیابانو لەناو ئەشکەوتەکاندا بژین! چونکە بەپێی بیروباوەڕی

ئەوان ئەم کۆمەڵگا بێ دینە ناکرێ ژنو ژنخوازیی تێدا بکەین، یان ناکرێ تێکەڵیان ببین یاخود پێکەوە لەگەڵیان لەسەر یەك سفرە نانبخۆین. کۆمەڵگا گڵاوەو بووە بە کاری شەیتانو ناکرێ چیتر لەگەڵیدا بژین.

دواتر دەگەینە سەر "عەبدوسەلام فەرەج" خاوەنی **گریمانەی نائامادە**، ئەم پیاوە فەتوای کوشتنی "ئەنوەر سادات"ی دەرکرد، چونکە لەوبڕوایەدابوو "سادات" لەدوای (کامپ دایڤد)ەوە لە ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە. "عەبدوسەلام فەرەج" وایدەبینێ ڕوکنەکانی ئیسلام شەش ڕوکنە نەك پێنج، بەڵام موسڵمانەکان فەریزەی شەشەمیان لەبیرچووە، واتە فەریزەی جیهاد کە بە تێپەڕینی کات لە حساباتی خۆیاندا دەریانهێناوە. ئەمەیە مانای گریمانەی نائامادە. دواتر هەر ئەم پیاوە بدعەیەکی تازەی داهێنا، ئەویش بریتییە لەوەی جیهاد بەسەر موسڵمانەکانیشدا پیادەدەکرێ! واتە دەکرێ موسڵمانیش بکوژرێ، نەك بە تەنها شوێنکەوتووانی ئاینەکانی دیکە. مەبەستی لەوە ئەو موسڵمانانەیە کە لە تێڕوانینی ئەودا لە ئیسلام دەرچوون، وەك "سادات"، چونکە پەیماننامەی ئاشتیی لەگەڵ جولەکەدا مۆرکرد. پێویستە لەبەرامبەر ئەوانەدا جیهاد ڕاگەیەنین، وەك چۆن لەبەرامبەر جولەکەو نەساری ڕامانگەیاندووە.

بەپێی ئەو قسانەی توێژەرەکە دەیکات، ئەو فەتوایەی ڕێگەیدا سەرۆك "ئەنوەر سادات" بکوژێ، لەلایەن "عەبدوسەلام فەرەج"ەوە، دەرنەچوبوو، چونکە ئەو خاوەنی پلەوپایەیەکی ئاینیی وانەبوو، بتوانێ فەتوایەکی لەوجۆرە دەربکات. بەڵکو ئەو فەتوایە شێخ "عومەر عەبدورەحمان" دەریکرد کە وامەزەنەدەکرێ بە دەستخەتی خۆی نووسیبێتی!. ئاشکرایە ئەم پیاوە ئێستا لە ئەمریکا گیراوە، چونکە بە تۆمەتی تەقاندنەوە تیرۆرستییەکەی ناوەندی بازرگانی جیهانی لە نیۆیۆرك، تۆمەتبار کراوە.

دواتر توێژەری فەرەنسی دەڵێ دوای شکستی سۆڤیەت لە ئەفغانستانو پاشەکشەکردنی سوپاکەیان، ئەمریکییەکان هەستیان کرد موجاهیدینە عەرەبەکانیان کردووە بە چەکێکی دوو دەم، دەمارگیری ئەو موجاهیدانە بۆ بیروڕاکانیان، ترسێنەرو پێشبینیی دەرئەنجامی خراپی لێدەکرێ. بەڵام ئەوان، واتە ئەمریکییەکان، چارەسەری کێشەی ئەو موجاهیدانەیان بۆ سوپای پاکستانی بەجێهێشت، لە کۆتایشدا چارەنوسی ئەو موجاهیدانەی دایە دەست خودی موجاهیدینەکان خۆیان، کە چارەنوسی خۆیان دیاریبکەنو ژمارەیان بە دەیان هەزار کەس مەزندەدەکران، ئەو موجاهیدانە خۆیان لەبەردەم سێ گریمانەدا بینییەوە: یەکەمیان گەڕانەوەیان بۆ وڵاتە بنەڕەتییەکانی خۆیانو بە زەبری هێز ڕژێمە (کافرە)کان سەروژێر بکەن. بێگومان ئەوان لەمیانەی فەتوا بێ سەروبەرە دواکەوتووەکانیانەوە، دەستنیشانی ئەوەیان دەکرد کێ کافرەو کێ کافر نییە. هەر ئەمە بوو ویستیان لە جەزائیر جێبەجێ بکەن، کاتێ کۆمەڵەیەکی ئیسلامیی چەکداریان پێکهێنا کە بە کارە تیرۆرستییەکانیان لەو وڵاتەدا ناوبانگیان پەیداکرد، ئاشکرایە ئەوانە لەخۆڕاو بێ هیچ پاساوێك فەتوایان لەدژی ڕۆشنبیران دەردەکرد، تاکو دواتر لەناویانبەرن.

گریمانەی دووەم بریتییە لە گەڕانەوەیان بۆ ئەوروپا، تاکو لە ناوەندی جالییە کۆچکردووەکاندا بژینو منداڵەکانیان بگۆڕن بۆ ئیسلامێکی ڕادیکاڵی.

گریمانەی سێیەم هاریکاریو بەشداریکردنیانە لە جیهادی جیهانی لە ناوچەکانی بۆسنەو کشمیرو شیشانو تەنانەت لە جەزائیر.

لێرەدا دانەر ئەم پرسیارە دەکات: ئاخۆ ئەم "عەبدوڵڵا عەزام"ە کێیە کە لە ئێستادا خەڵکی لەبیریان کردووەو تەنها ناوی "بن لادن" دەهێنن؟ وەڵامەکەی ئەمەیە، ئەم پیاوە ئەردەنی بە ئەسڵ فەلەستینییە (1941–1989)، یەکێکە لە جەنگاوەرە کۆنەکانی شەڕی 15 حوزەیرانی 1967، بەڵام پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینو "یاسر عەرەفات" پچڕاند، چونکە لەباتی ئەوەی جیهاد دژی ئیسرائیل بکات، کەچی هەوڵیدا بارودۆخی ئەردەن

تێکبداتو "مەلیك حسێن" لەناوبەرێتو خۆی بچێتە شوێنەکەی. دوای ئەیلولی ڕەشی ساڵی 1970، بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی ئیسلامی لە ئەزهەر وەرگرت. دواتر ڕۆشت بۆ شاری (جەدە)ی شانشینی عەرەبی سعودی تاکو لە زانکۆکانیدا وانە بڵێتەوە. لەوێ ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری هەبوو، لەناویاندا کەسێك ناوی "ئوسامە بن لادن"بوو! پاشان ڕۆشت بۆ پاکستان تاکو (نوسینگەی خزمەتگوزاریی موجاهیدینی عەرەب) لەپێناو بەرگریکردن دژ بە داگیرکەری سۆڤیەت لە ئەفغانستان، دامەزرێنێت. لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (بگەنە کاروانەکە)، واتە کاروانی موجاهیدینەکان، شتێکی ئاوا دەڵێ: کاتێ دوژمن دێتە ناو خاکی ئیسلامەوە، جیهاد دەبێت بە ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێك، گەر کەسەکە نەیتوانی بە شەخسی خۆی بەشداریی تێدابکات، ئەوا پێویستە بە سەروەتو سامانەکەی بەشداریی تێدابکات.

"عەبدوڵڵا عەزام"لەو کاتوساتەدا، بۆ یەکەمجار بیرۆکەی دروستکردنی سوپایەکی جیهانیی هەمیشەیی بۆ جیهاد گەڵاڵەکرد، ئەمەش ئەو بیرۆکەیەیە کە "بن لادن" لێیەوە وەریگرتو ڕێکخراوی قاعیدەی پێ دروستکرد. بگرە خودی زاراوەی قاعیدە لە داهێنانی "عەبدوڵڵا عەزام"ە نەك "بن لادن". ئەوەی تەواو لێی دڵنیاین ئەوەیە ناوی "بن لادن" تەنها دوای تیرۆرکردنی "عەبدوڵڵا عەزام" دەرکەوت. مادامەکی "عەبدوڵڵا عەزام" ئامادەیی هەیە، ئەوا لەبەر هەیبەتو کەسایەتییە بەهێزەکەی هەموانی داپۆشیبوو.

دواتر دانەر بەردەوام دەبێو دەڵێ: ئیدی ڕێگاکان لەبەردەم "بن لادن"دا کرایەوە، تاکو هەموو جیهادییە سەلەفییەکان کە زۆر تینوی بەرپاکردنی جەنگو خوێنڕشتنن، لە دەورەی خۆی کۆبکاتەوە. لە 2مانگی شوباتی ساڵی 1998 فەتوایەکی دەرکرد، تێیدا داوای لە هەموو موسڵمانێك کرد، لەهەرکوێیەك ئەمریکییەکی سەرباز یان مەدەنییان بەردەستکەوت بیکوژنو کەلوپەلەکانیشیان حەڵاڵو نۆشی گیانیان بێت. دواتر تەقینەوەکان دژ بە ئەمریکا لە سعودییەو ئەفریقاو ناوچەکانی دیکە دەستپێکرد. ئەو گەرچی هەمیشە بەشێوەیەکی ڕەسمی تەبەنیکردنی ئەو کردەوانە ڕەتدەکاتەوە، وەلێ پێخۆشحاڵیی خۆیو ڕەزامەندیی لەسەریان دەردەبڕێ، وەك ئەوەی لەگەڵ لێدانەکەی 11 سێپتێمبەردا کردی. بەڵام ئەم لێدانە گەورەیەی 11 سێپتێمبەر، ئەو پوشە بوو کە پشتی حوشترەکەی شکاند. دوای ئەوە قاعیدە ڕووبەڕووی جەنگێکی کراوە بووەوە، نەك تەنها لەگەڵ ئەمریکا، بەڵکو لەگەڵ هەموو ئەوروپا، بگرە لەگەڵ سەرجەم جیهاندا. گەر "عەبدوڵڵا عەزام" بمایە، ڕەزامەندی لەسەر ئەم ڕەوتە هەڵەشەیە دەرنەدەبڕی، چونکە ئەو لە "بن لادن" حەکیمترو زیرەکتربوو. ئەو دەیویست یەکەمجار تەرکیز لەسەر فەلەستین بکات، نەك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆی مەترسیدار پەلاماری ڕۆژئاوا لەناو ماڵی خۆیدا بدات کە ئاکامەکانی حسابی بۆ نەکرابوو.

توێژەری فەرەنسی لەو بڕوایەدایە "بن لادن" لە هەڵسەنگاندندا هەڵەیەکی کوشندەی کرد. ئەو بەم شێوە وەهمئامێزەی خوارەوە بیریکردەوە: من لەبەر ئەوەی سوپای سۆڤیەتم لە ئەفغانستان شکست پێهێنا، ئەوا لە توانامدا هەیە بەسەر ئەمریکاشدا سەرکەوم!

"بن لادن" ئاگاداری ئەوە نەبوو شکستی سۆڤیەت بەپلەی یەکەم، بۆ ئەو چەكو جبەخانە پێشکەوتووەی ئەمریکاو ئەو زانیارییە هەواڵگریانە دەگەڕێتەوە کە ئەمریکا پێشکەشی ئەفغانەکانی دەکرد. جگە لەوانە ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی لەو کاتو ساتەدا لە دەورانی لێکهەڵوەشانەوە یاخود لەسەروبەندی هەرسهێنانا بوو، ئەمەش تەنها بەهۆی ئەفغانستانەوە نەبوو. بەڵام ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا لە دەورانی هەڵکشاندابوو بەوەی ببێتە یەکەم هێزی جیهانی. لێرەوە لە کاتێکی تەواو نەگونجاودا تەحەدای ئەمریکای کرد، دروست وەك ئەوەی پێشتر "سەدام" پێیهەستا، ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر غەباوەتی سیاسیو کەرێتیی هەردوکیان. ئالێرەدایە هەڵگەی گەورەی هەڵسەنگاندن.

جگە لەوانە ئەو پرۆژە سەلەفییەی "بن لادن" خەونی پێوەدەبینێ، ناتوانێ هیچ دەوڵەتێ لە هیچ شوێنێکی جیهانی عەرەبی یان ئیسلامی دامەزرێنێ. "خومەینی" لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەلەفیی شیعەگەرا لە ئێران سەرکەوتوبوو، بەڵام "بن لادن" لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵی تیرۆرو تەقینەوەو خوێنڕشتنەی لێرەو لەوێ ئەنجامیدەدا، کەچی نەیتوانی یەك ڕژێم چییە بروخێنێ. ئاشکرایە شانشینی عەرەبی سعودی لە جەنگێکی بێئاماندایە لە دژی ئەم دەستە گومڕاو چەواشەکارە، لەگەڵ ئەوشدا هەندێ لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا بەوە تۆمەتباری دەکەن گوایە لەپشتی تیرۆرەوە ڕاوەستاوە ! گەرچی سعودییە بە چەند ساڵێك پێش 11 سێپتێمبەر، ڕەگەزنامەی سعودی لە "بن لادن" وەرگرتەوە، وەلێ تاکو ئێستاش هەر لەسەر سعودییە حسابی دەکەن.

تاقە دەوڵەتێك کە لەسەر پرۆژەی سەلەفی لە ڕوخسارە هەرە دواکەوتوویی و تاریکەکەیدا بنیادنرابێ، دەوڵەتی تالیبان بوو. بەڵام ئەویش ڕوخاو تاکو ئێستا هیچ دەوڵەتێکی دیکە شوێنی نەگرتۆتەوە. بێگومان ئەو، واتە "بن لادن" خەون بەوەوە دەبینێ پاکستان خۆی و بۆمبە ئەتۆمییەکەی بکەونە دەست فەندەمێنیتالیزمەکان، وەلێ ئەم شتە پێناچێ هەرگیز بێتەدی، چونکە تاکو ئەم چرکەساتەی ئێستا "پەروێز موشەرەف" دەستی بەسەر تەواوی مەسەلەکاندا گرتووە.

شتی سێیەم کە بەتەواوی خەونی "بن لادن"ی لە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەلەفی و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، لەگۆڕنا، بەدەمەوەنەچوونی گەلانی عەرەبی یان ئیسلامییە بۆی. ڕاستە توێژێکی گەورەی شەقامی عەرەبی هاوسۆزن لەگەڵیدا، بەڵام دەترسن لەوەی بگاتە دەسەڵات، چونکە دەوڵەتە عەرەبییەکان یەکەم قوربانیی دەستی پرۆژە ڕادیکاڵییە سەلەفییەکەی دەبن.

**سەرچاوە:** ڕۆژنامەی الشرق الاوسط 2007/8/22

